اولیات

| هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی | Kurdistan Regional - IRAQ<br>Council of Ministers<br>Ministry of interior | إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية الادارة |
|---|---|---|

ژمارە: ١٠٥٦١

ڕێکەوت: ٥ پوشپەڕ ٢٧١٦ کوردی

DATE: ٢٠١٦/٦/٢٢

## بەیانی ژمارە (١٣)

### «ڕێکخستنی کاری پارێزەران لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە لە بواری ڤیزە و نیشینگە»

پالپشت بەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە یاسایی وەزارەتی ناوخو ژمارە (٦) سالی ٢٠٠٩ وە بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری پارێزەران وە جیاکردنەوەی لە کاری نوێنەرەکان بریارماندا بە دەرچوونی ئەم بەیانە :-

١. پارێزەران بە پێی خالی (١)ی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (پانزەهەم)ی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٦ دەتوانن کارەکانی (نشینگە و ڤیزا و ڕێکارەکانی تری پەیوەندی دار) بۆ بریکاردارەکانیان و کۆمپانیاکانیان ئەنجام بدەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: ئەگەر پارێزەر بریکاری کۆمپانیایەك بوو کە ژمارەی کارمەندەکانی لە (١٠) کارمەندی بیانی کەمتر بوو، ئەوا تەنیا ئەو بەلگانە داوا دەکرێت لە پارێزەر و کۆمپانیاکەی کە کاری بۆ دەکات بۆ ڕاییکردنی کاری نشینگەی کارمەندانی کۆمپانیاکە:

أ. بریکارنامەی پەسەندکراو لە دادنووس لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا بۆ پارێزەر سالی دەرچوونی بریکارنامەکە لە (٢٠١٥) کەمتر نەبێت.

ب. پشتگیری و پەڕاوی نوێکراوەی کۆمپانیا کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان ئاڕاستەکرا بێت.

ت. پاکانەی ئەستۆی باجی دەرامەتی کۆمپانیا کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکانەوە ئاڕاستەکرا بێت.

دووەم: ئەگەر پارێزەر بریکاری کۆمپانیایەك بوو کە ژمارەی کارمەندانی لە (١٠) کارمەندی بیانی زیاتر بوو، ئەوا پێویستە لەسەر پارێزەر ئەو بەلگانە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵەی نشینگە و کارەکانی تری کۆمپانیاکەی جێبەجێ بکات:

١. بریکارنامەی پەسەندکراو لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا بۆ پارێزەر (سالی دەرچوونی بریکارنامەکە ٢٠١٥ یا ٢٠١٦ بێت).

٢. نووسراوێکی پشتگیری کۆمپانیاکەی، لەسەر کلێشەی کۆمپانیاکەی، کە مۆر و واژۆ کرابێت و تیایدا روون کرابێتەوە کە پارێزەری ناوبراو، بریکاری کۆمپانیایە بۆ راییکردنی مامەڵەی نشینگە و ڤیزا و جێبەجێکردنیان.

٣. پشتگیریی و پەڕاوی نوێکراوەی کۆمپانیا کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان ئاراستەکرا بێت.

٤. پاکانەی ئەستۆی باجی دەرامەتی کۆمپانیا، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکانەوە ئاراستەکرا بێت.

٥. ناسنامەی نوێکراوەی پارێزەر، کە لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستانەوە دەرچووبێت.

٦. دوو وێنەی تازەی پارێزەر.

٧. بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار، کە بەپێی پسووڵەیەکی ژمێریاری لە کۆمپانیاکە وەردەگیرێت وەك رسوماتی رێگەپێدان وە سالانە وەردەگیرێت.

٨. دوای پێشکەشکردنی ئەو بەڵگەنامانەی سەرەوە لەلایەن پارێزەرەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەکان، بەڵگەکان رەوانەی وەزارەت دەکرێت و لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و رێگەپێدان، باجی تایبەت بۆ پارێزەری بریکاری کۆمپانیا دەردەکرێت بێ بەرامبەر.

**سێیەم:** پارێزەرانی بریکاری کۆمپانیا، دەبێت نووسراوی تایبەتی کۆمپانیا بە مۆر و واژوو پێشکەش بکەن بە ژمارە و ناوی کارمەندە بیانییەکانیان و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە لە سیستەم بەراورد دەکریت.

**چوارەم:** بەشی بەدواداچوونی نشینگەکان، لەسەریانە میکانیزمی پشکنینی لەناکاو و ئاسایی بۆ بارەگای کۆمپانیا و شوێنی کاریان بکەن، بەمەبەستی دڵنیابوون لە ژمارەی کارمەندەکانیان، بوونی ناسنامەی نشینگە کارمەندەکانیان و یاسایی بوونی بارودۆخیان، یان هەر سەرپێچییەك کە لەو بارەیەوە هەبێت.

**پێنجەم .**

١- پارێزەران ئەوانەی بریکارنامەی ئەو کۆمپانیایانەیان هەیە، کە ژمارەی کارمەندە بیانییەکانیان لە (١٠) کەس زیاترە، ئەوا تەنیا دەتوانن کار بۆ (٤) کۆمپانیای لەو جۆرە بکەن. بەڵام ئەو کۆمپانیایانەی کە ژمارەی کارمەندە بیانییەکانیان لە (١٠) کەس کەمترە، ئەوا پارێزەران (حصر) ناکرێن بە ژمارەی کۆمپانیا.

٢- لەبەر بەرژەوەندی گشتی و چەسپاندنی دادپەروەری و باری ئەمنی، بریکارکردنەوەی ئەویدی (توكيل غير)، پێویستە لە بریکارنامەی ڕەسەن ئاماژەی پێ درابێت و پێویستە هەر دوو پارێزەرەکە (ناسنامەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستانیان نوێکراوە بێت) و هەردوو (بریکارنامەکەش) پەسەندکراو یا ڕەسەن بن. لە بریکارنامەیەکیش تەنیا یەك جار (توكيل غير) دەدرێت بە مەرجێك ئەوەی (توكيل غير) بۆ کرا دەبێت پارێزەر بێت و پارێزەری دووەم کە (توكيل غير)ی بۆ کرا بێت، ناتوانێت (توكيل غير) بۆ پارێزەری سێ یەم بکات.

شەشەم:

کەسانی سروشتی، ڕێکخراو، قوتابخانە، پەیمانگا، زانکو، کارگە، هەرشوێنێکی کار دەتوانن بریکارنامە بدەن بە پارێزەر بو بەڕێوەبردنی کاروباری ڤیزە و نیشینگەی کارمەندە بیانییەکانیان .

حەوتەم: بریکارنامە و ڕێکارەکانی لە سەرەوە دیاری کراوە سالانە نوی دەکرێتەوە.

هەشتەم: کار بە بەیانی ژمارە (١٠) ناکرێت لەو بڕگانەی کە تایبەتە بە پارێزەران .

نۆیەم: ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٧/١٠ کاری پێ دەکرێت .

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەك بۆ :-**

- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجامدانی کاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بوزانین ، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆزانین و کاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتیە کانی نیشینگەی (هەولێر ،سلێمانی ،دهوك) بۆزانین و کاری پێویست.
- خولاو.